23ی ئاداری 2024

# کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان

## ڕاستی و ئامارەکان: ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە بوو بە ساڵێك

### خاڵە گرنگەکان:

- یەك ساڵی تەواوە بۆری نەوتی عێراق - تورکیا داخراوە

- ڕاگرتنی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا کاریگەری کردووەتەسەر کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی 450000 بەرمیل نەوتی رۆژانە بۆ بازارەکانی جیهان

- بەردەوامی ڕاگرتنی هەناردەی نەوت بە ملیاردها دۆلار زیانی بە حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت گەیاندووە

لەگەڵ تێپەڕینی ساڵێك بەسەر ڕاگرتنی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)، دوایین زانیاری لەبارەی گفتوگۆکانی کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا، هەوڵەکانیان بۆ دەستکردنەوە بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان و زیان و کاریگەرییە ئابوورییەکان لەسەر خەڵکی عێراق و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری وزە دەخاتەڕوو .

لە 25ی ئاداری 2023 هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە ڕاگیرا.

لەو بەروارەوە، نە ئەپیکور نە کۆمپانیا ئەندامەکانی هیچ پێشنیازێکیان لەلایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت پێنەگەیشتووە .

هەر هەشت کۆمپانیای ئەندامی ئەپیکور پابەندی گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان .

ئەپیکور بەردەوامە لە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك و دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە.
مایلز کاگینز وتەبێژی ئەپیکور ڕایگەیاند: "ئەپیکور بەردەوامە لە هەوڵەکانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دەستپێکردنەوەی تەواوەتی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە. هەتا رۆژێك زیاتر ڕاگرتنی هەناردەی بەردەوام بێت، زیاتر خەڵك و ئابووری و ناوبانگی وەبەرهێنانی عێراق زیانیان پێدەگات ".

### هەڵسەنگاندی ئەپیکور:

حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویستی نەگرتووەتەبەر بۆ کردنەوەی بۆری نەوت عێراق - تورکیا و هەناردەی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری 2023وە تورکیا ڕایگەیاندووە، بۆرییەکە ئامادە بۆ هەناردەی نەوت.

ئەپیکور ئاگاداری ئەو کۆبوونەوانەیە لە 7 تا 9ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە بەغدا، لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت، لەناویشیاندا چەند کۆمپانیایەکی ئەندام لە ئەپیکور بەڕێوەچوون.

سەرەڕای ئەو کۆبوونەوانە و جەختکردنەوە لە گفتوگۆی ئەرێنی لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ بەرەوپێشچوونێك بە ئاراستەی کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا بەدینەکراوە.

## هەوڵەکانی ئەپیکور بۆ چارەسەری ئەو دۆخە چەقبەستووە:

- ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، لە هەولێر و بەغدا و دوبەی .

-بەردەوام و بەشێوەیەکی راشکاو ئەندامانی ئەپیکور مەرجەکانی دەستپێکردنەوەی هەناردەی بەرهەمهێنانی خستوونەتەڕوو:

- هەر زیادکردنێك، پێویستە لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی ئەپیکور رێککەوتنی لەسەر بکرێت.
- پێویستە دڵنیایی بدرێت لە پێدانی پارەی هەناردەی نەوت لە رابردوو و بۆ داهاتووش.
- پێویستە راستەوخۆ پارەی فرۆشی نەوتی کۆمپانیاکانی ئەندام لە ئەپیکور، راستەوخۆ بدرێتە ئەو کۆمپانیانە.
- پێویستە شێواز و رێککەوتنە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئێستای کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور وەك خۆی بمێنێتەوە.

- ئەنجامدانی کەمپەینی هۆشیاری لە میدیا عەرەبی، کوردی و رۆژئاواییەکان.

- ئەپیکور، و چەند کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بواری نەوت، چارەسەریان پێشنیاز کردووە بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان .

جیالەوەش، حکومەتی وڵاتانی کۆمپانیاکانی ئەپیکوری هێناوەتە سەرهێڵ، بەتایبەتی حکومەتی ئەمریکا، بەهۆی ئەو پەیوەندییە تایبەتەی لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، لەناویشیاندا بە قەبارەی 300 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی راستەوخۆی ئەمریکا لە سێکتەری وزەی هەرێمی کوردستان .

ئەپیکور بەراشکاوی پەیامی بە ئەندامانی ئیدارەی سەرۆك بایدن و ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا گەیاندووە، کۆشکی سپی نابێت دەست بە پلانی پێشوازیکردن لە محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق بکات، کە بڕیارە 15ی نیسانی ئەمساڵ سەردانی واشنتن بکات، هەتاوەکو:

-بۆری نەوتی عێراق - تورکیا دەکرێتەوە و رێگە بە هەناردەکردنی نەوتی بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان دەدرێت بۆ بازارەکانی جیهان.
-کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت (لەناویشیاندا کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور) دڵنیاییان پێدەدرێت لە وەرگرتنی پارەی هەناردەکردنی نەوت لە رابردوو و بۆ داهاتوو .

-حکومەتی عێراق بەتەواوی بودجەی فێدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات.

## پوختەی زانیارییەکانی ئەپیکور لەبارەی کاریگەرییەکانی بەردەوامی داخستنی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا:

## کاریگەرییە داراییەکان:

- نزیکەی 11 ملیار دۆلار زیان بە داهاتی عێراق کەوتووە، بەنزیکەیی، مانگانە دەکاتە 1 ملیار دۆلار.

- ئەپیکور ئاگادارە لەوەی، هەرچەندە بۆری نەوتی عێراق - تورکیا بەکارناهێنرێت، بەڵام عێراق رۆژانە 800000 هەشت سەد هەزار دۆلار سزا دەدرێت، بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە مەرجەکانی ناو رێککەوتنی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا جێبەجێ بکات.

- بڕی 1 ملیار دۆلار قەرزی کۆمپانیاکانی ئەپیکور لای حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ئەیلوولی 2022 تا ئاداری 2023

- زیاتر لە 400 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی ئەندام لە ئەپیکور راوەستاوە .

-داهاتی سالانەی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت نزیکەی لەسەدا 60 کەمیکردووە، بەهۆی ئەوەی فرۆشی ناوخۆیی، جێگەی فرۆشی لە بازارە نێودەوڵەتیەکان گرتووەتەوە .

- خنکاندنی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەهۆی راگرتنی هەناردەی نەوت و نەناردنی بودجە .

## کاریگەرییەکان لەسەر نەوتی جیهان و بازاری نەوت:

- راگرتنی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا، گوشاری زیاتری خستووەتەسەر بازاری ناهاوسەنگی وزە، کە بەهۆی سزاکانی سەر رووسیا و هەڕەشەکان لەسەر گواستنەوەی جیهانی لەڕێگەی دەریای سوورەوە هاوسەنگی لەدەستداوە .

- عێراق بەردەوام لە سزاکان دەبەخشرێت بۆئەوەی کارەبا لە ئێرانەوە هاوردەی وڵاتەکەی بکات، لەکاتێکدا دەبوو لەرێگەی هەناردەی زیاتری نەوتەوە ژێرخانی وزەی بەهێز بکات .

- لەوەتەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا داخراوە، ئەمریکا رۆژانە زیاتر لە 250000 دوو سەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت و پێکهاتەکانی لە باشووری عێراقەوە هاوردە کردووە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق رێگەنادات ئەو نەوتەی کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە هەرێمی کوردستان بەرهەمیدەهێنن هەناردەی دەرەوە بکرێت .

## کاریگەرییەکانی لەسەر هێزی کار لە هەرێمی کوردستان:

- کۆمپانیاکانی ئەندام لە ئەپیکور سەدان کارمەند و ستافی خۆیان ناردونەتەوە ماڵەوە، لەناویشیاندا ستافی بیانی و خۆجێی هەن .

- بەهۆی نەمانی وەبەرهێنانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت، ژمارەیەکی زیاتر لە کارمەند و ستاف کەمکراونەتەوە، لەو کۆمپانیانەی لە بواری خزمەتگوزارییەکان لە کێڵگە نەوتیەکان و پیشەسازی بەرهەمهێنان کاریان کردووە، وەك کۆمپانیاکانی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێکردن و خواردن و چاککردنەوە و ئاسایش و گواستنەوە و بنیادنان.

- بەهۆی نەناردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، مووچەی فەرمانبەران دواکەوتووە، لەناویشیاندا، مووچەی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی .

## کاریگەرییەکانی لەسەر ناوبانگ:

- رێزنەگرتن لە گرێبەستەکان، خواستی بازرگان و وەبەرهێنەرانی جیهان بۆ کارکردن و وەبەرهێنان لە عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە.

- چەقبەستوویی لە بابەتی یاسا بودجە و هەناردەی نەوت، عێراقی خستووەتە بەردەم مەترسی دابەشبوونی سیاسی.

## -کۆتایی-

### دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن

پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی.  کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

واتسئاپ: +1-254-371-5704
کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil